# لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری بۆ ئەشکەوتــە هەڵکەندراوەکانی کفـــری

**بریار ئەکبەر سان ئەحمەد**

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی شوێنەوار، زانکۆی سلێمانی

bryar.san@univsul.edu.iq

**مەریوان محمد احمد**

توێژەر، بەکالۆریۆس لە شوێنەوار

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/٤ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

ناوچەی گەرمیان ڕۆڵێکی گرنگی لە قۆناغە مێژووییەکاندا هەبووە، شـاری کفری بارزترین شـاری ناوچەکەیە بە هۆی ئەو ژمارە زۆرەی شـــوێنەوارەکان لە ســـەر خاک و ژێر خاکی ئەم شـــارەدا بەجێماوە، یەکێک لەو شـــوێنەوارانەی لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەشـــکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفریە زۆرجار بە (گۆڕدەخمەکانی کفری) ناو دەبرێن، پاش گەڕان و دەست خستنی بەڵگەی پێویست ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە کاریگەری ئاینێکیان پێوە دیارە کە زۆر کۆنترە لە ئاینی زەردەشـتی وجیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم ئەشـکەوتە هەڵکەندراوانە و گۆڕدەخمەدا، ئەم توێژینەوەیە کاتێک ئەنجامدراوە کۆی ئەو ئەشـکەوتەکان بە پێوە مابوون بەڵام ئێسـتا بە هۆکاری سـروشـتی بومەلەرزە و لافاو و هۆکاری مرۆیی بەشـێکی زۆریان لە شـوێنی خۆیان نەماون. خۆش بەختانە توانیمان ئەو شـوێنەوارە گرنگانە تۆمار بکەین ئەندازە و وێنەیان بگرین. ئەم ئەشـــکەوتە هەڵکەندراوانە ســـیما دیارەکانی میهرابەی ئاینی میترایی تێدا بەرجەستەیە، پێدەچێت دواتر لە لایەن پەیڕەوانی ئاینەکانی زردەشتی و مەسیحی بەکارهێنرابن. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی مەیدانی و کتێبخانەیی ئەنجام دراوە ئەو بەڵگانە پێک دەهێنن کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئەم توێژینەوەیە سودیان لێ وەرگیراوە.

**کلیلە وشە**: کفری، میهرابە، ساسانی، زردەشتی، میثرا، گۆڕدەخمە

**Abstract:**

The Garmian region has played an important role in the historical periods; the town of Kifri is the most famous town in the region because of the many monuments left on the soil and underground of this city. After obtaining the necessary evidence, these handmade are influenced by a religion that is very It is older than Zoroastrianism and there are many differences between these handmade and

*Gordakhma* (Rock cut-tomb). This paper was conducted when all these handmade were still standing, but now these handmade are no longer in place due to natural earthquakes and floods. Fortunately, we were able to record, measure and photograph these important monuments. These handmade reflect the distinctive features of the Mithraea and were probably used later by followers of Zoroastrianism and Christians. This paper conducted in a field and library manner. All are important evidence in the collection of information for the subject of this paper.

**Keywords**: Kifri, Mithraea, Sassanid, Zoroastrian, Mithra, Rock cut-tomb.

**پێشەکی:**

باوەڕێکی کۆنی باو هەیە کە کورد پێش ئیسلام زۆرینەی زەردەشتی بووە. ئەم باوەڕە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایینی زەردەشتی باڵادەست ترین ئایینی فەرمی پێش ئیسلام بووە لەو ناوچانەی کە ئێستا پێیان دەوترێت کوردستان کە بەشێک لە دەوڵەتی ساسانییان پێکدەهێنا، بەڵام ناتوانرێ بوترێت بە تەواوی ڕاستە! چونکە، لە پاڵ بوونی شوێنەواری ماددی زەردەشتی لە کوردستانی ئەمڕۆدا شوێنەواری ئایین و مەزهەبەکانی دیکەش بە ڕوونی دەبینرێت. هەندێک ئاماژەی گرنگ لە نوو سینە مە سیحییەکانی پێش ئیسلامدا هاتووە باس لە خۆرپەرستی، دارپەرستی، چەند ئاین دی دەکات، ئاینی میترایی وەک کۆنترین ئاینی ناوچەکانی کوردستان دادەنرێت کە هاوبەشییەک بووە لە نێوان گەلە هیند و ئێرانیەکان. هەر لەم باوەڕەوە کارمان لە سەر ئە شکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری کردوە، هەندێک بۆچوون دەربارەی ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە دەوترێت. لەم توێژینەوەیەدا لە لایەن توێژەران هەوڵدراوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و مەیدانی بە پاڵپشتی ئاینە کۆنەکانی ناوچەکە مەبەستی دروستکردنی ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە ڕوون بکەینەوە، گەر لە ئایندەدا بەڵگە شوێنەواریەکان دۆزرانەوە دەبنە پاڵپشتی ئەم توێژینەوەیە یا زانیاریەک دەخەنە ڕوو جیاواز بێت لە زانیارەییەکانی ئەم توێژینەوەیە. ئەوەی گرنگە باسی بکەین، لە ئەنجامی کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەیەدا توانرا ئامارێکی باش تۆمار بکەین، هەر لە وێنە و ڕوو پێوی و پێوانەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان لە خۆ بگرێت، بوارە کرداریبەکەی بۆ نێوان ساڵانی ٢٠١٣ – ٢٠١٧ دەگەڕێتەوە، لە پاش ساڵی ٢٠١٧ وە، پێنج ئەشکەوتە هەڵکەندراوی باکوری کفری لەناوچوون و بەشێکیان ڕووی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان کەوتونەتە زەوی. پاشا سەردانی ساڵی ٢٠١٧ ڕوویدابێت بە هۆکاری سروشتی بومەلەرزە و باراناوی زۆر. وەک ئەرکێکی نیشتیمانی ئامار و تۆماری ئەم شوێنەوارە گرنگانەمان هەڵگرتۆتەوە لە ناوچوون پاراستومانن.

**کێشە:**

ئەو ئەشکەوتە هەڵکەندراوانەی کفری بە گشتی دەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کفری، ناساندنێکی ورد و زانستی بۆ ئەم شوێنەوارانە ئەنجام نەدراون، گەر نوسین و توێژینەوەی لەبارەوە کرابێت بە شێوازێکی سادە بووە بە وردی کاری لەسەر ئەنجام نەدراوە، زۆرێک بە گۆڕ دەخمە ناویان هێناوە تەنها لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەزۆری ناسراون و وابەستە کراون بە گۆڕی پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی، کە خودی ئەو ئەشکەوتە هەڵکەندراوانەی ڕۆژهەڵات و ئێران دەبێت ورد تر کاریان لە سەر بکرێت. ناکرێت

ئەوەی بەم شــێوازە دروســتکرابوو بە گۆڕ ناوزەدی بکەین. ئەم کێشــەیە توێژەرانی هاندا توێژینەوەیەکی مەیدانی و کتێبخانەی لەبارەوە ئەنجام بدەین.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژەران لەم توێژینەوەیە، دەرخســتنی لایەنە شــاراوەکانی ئەم شــوێنەوارانە یە، بەپێی ئەو بەڵگانەی بەردەســتمان کەوتون نزیکتر ببینەوە لە مەبەســتی دروســتکردنی ئەم ئەشــکەوتە هەڵکەندراوانە، و بە پێی پێگە شوێنەوارەکان زۆر نزیکن لە  شار و ئاوەدانیەوە، پێدەچێت لە داهاتوودا زیانیان پێ بگات، هەوڵمانداوە تۆمار بکرێن و هاو شانی تۆمارکردنەکە لە توێژینەوەیەکدا ڕوونی بکەینەوە ئامانجی ئەم ئە شکەوتە هەڵکەندراوانە بۆ چ مەبە ستێک بوون. ئەم توێژینەوەیە لە ســاڵانی ڕابردودا بوارە کردارییەکەی ئەنجامدرا پێش ســاڵی ٢٠١٥، لە دوای ڕوودانی زەمین لەرزە بەهێزەکەی ساڵی ٢٠١٧ و بارانی بە خوڕی بوە هۆی ئەوەی پێنج لەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانانە دەرچە و چونە ژورەوەیان ڕوویان کەوتۆتە ســەر زەوی ڕێگای چونە ژورەوەیان نیە، لە گابەردی گەورەی دروســتکراون تەنها دوو لەم ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانانە بە پێوە ماون، ئەم هۆکارە پاڵنەر بوو کە توێژینەوەکە ئەنجام بدەین و وردتر دەربارەی بدوێین.

**ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

بە  شێوەیەکی گشتی ئە شکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری کۆمەڵە ئە شکەوتێکی دە ستکردی مرۆڤن لە دوو شوێنی جیاوازدا درو ست کراون ژمارەیان ١٥ ئە شکەوتە هەڵکەندراو دەبێت. دەکەونە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی  شاری کفری لە بەرزایە کانی  باوەشــاســوار (ڕێبەری شــوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٤: ٥) کۆمەڵەی یەکەم دەکەونە  باکوری کفری لە بەرزایەکانی باوە شاسوار ٦ دانە لەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە دەکەونە ڕۆژئاوای چەمی بارین و ١ دانەشیان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چەمەکە. لەســەر نەخشــە  خاڵی ڕســتەقینەی (34°43'5.00"E"44°57'48.8 N)کۆمەڵەی دووەمیش دەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی شــاری کفری کە ژمارەیان ٨ دانەیە و لە ڕیزی یەک هەڵکەندراون ڕویان کردۆتە باکوری ڕۆژهەڵات  خاڵی ڕاســتەقینەی لەســەر نەخشــە (34°41'8.29"E"44°58'59.8 N) (نەخشــەی ١)، هەندێک لەم ئەشکەوتانە بە شێوەی لاکێشەیی یان چوار گۆشەیی هەڵکەندراون و بەرزی ئەم ناوچەیە لەڕوی ئاستی دەریا لە نێوان ٣٢٧مەتر بۆ ٤١٥ مەترە (نەخشــەی ٤) (عبداللە، ٢٠١٥: ١٩-٢١) و دوری نێوان ئەم دوو کۆمەڵە دەســت کەندە بە نزیکەی ٤ کم دەبێت و کۆمەڵەی یەکەم دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵات نزیکترن لە  شاری کفرییەوە، بەڵام کۆمەڵەی دووەم دورن لە شـاری کفری ئێسـتاوە لە نزیکیەوە ئاوەدانی هەیە[1] . دەسـت کەندەکان لەڕووی چونێتی پێکهاتەیان هەموویان لە بەرد هەڵکەنراون (احمد، ١٣٩٦: ٦٨) .

---

١- بە دووری ١ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ئەم تەپۆلکەیە شوێنەواری ناوچەیەکی بەرفراون تەلاری ڕوخاو هەیە( قەرە-ئۆغڵان) کە ئەمەش پێدەچێت هەمان ئەو شارە بێت کە ڕیچ لە کتێبەکەیدا باسی دەکات دوا جێهێشتنی ئاسکی کفر خەڵکەکەی هاتبنە ئەم ناو چەیە، و شوێنەواری زۆری لێ دۆزراوەتەوە چەندین سکەی ساسانی لە لایەن خەڵکیەوە بۆ هێنراوە. بڕوانە ( *Rich.C.J, 'Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, 1836; 262-277-283* *کوردیەکەی، گەشتنامەی ڕیچ، و. محمد حەمە باقی، ٢٠٠٢، لا ٤٣-٤٧.* )



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




نەخشەی ١: وێنەی سەتەلایتی كۆڕۆنا تێیدا هەڵكەوتەی جوگرافیای هەر دوو كۆمەڵە ئەشكەوتە هەڵكەندراوەكانی كفری و دوریان لە شاری كفری ئێستاوە https://corona.cast.uark.edu/atlas#zoom=14&center=5009769,4123319

**دەخمە لە سەرچاوە كۆنەكاندا:**

لە ئایینی زەردەشتیدا دروست نییە مردووەكان لە زەویدا بنێژن و شوێنكەوتوانی ئەم ئاینەش لە كۆندا تەرمی مردووەكانیان دادەنا لە سەر بەرزاییەكان تا گیاندارانی گۆشت خۆر بیخۆن، و ئەم دانانەش لەسەر بەرد دەكرا تا لاشەی مردوەكە تێكەڵی خاك نەبێت. بۆ یەكەمجار هێرۆدۆت لە سەدەی پێنجەمی پ. ز لەبارەی باسی ڕێورەسمی گەلە ئاریایەكاندا دەڵی " داب و نەریتێك هەیە بۆ مردووان لەم ناوچانەدا *(مەبەستی ئێرانی ئەمڕۆیە)* مردوو نانێژن تا لاشەكەی لەلایەن سەگ یا باڵندە گۆشتخۆرەكانەوە دانەماڵرێت، و موغەكان ئەم ڕێورەسمەیان ئەنجام دەدا بە بێ هیچ پەردە و نهێنیەك، ئاشكرا بوو"(هردوت, ١٣٨٩: ١٦٧) هەروەها سترابۆ لە كتێبەكەیدا لە سەردەمی فەرمانرەوایی ئاگوستوس Augustus (٢٧ پ.ز- ١٤ ز) دەڵێت" موغەكان مردوەكانیان نانێژن، بەڵكو لە شوێنێكی بەرز دایاندەنێن تا لەلایەن باڵندەكانەوە بخورێن" (Strabo, 1917, V. VII: 183). بەهۆی كەمی بەڵگە شوێنەواریەكان لەم بارەیەوە

پێدەچیت ئەم ڕێوڕەسمە لە سەردەمی مایدیەکان و هەخامنشیەکان لای (موغەکان)[2]ن باو بووە. و لاشەی موغەکانیش دادەنران لەلایەن باڵندە گۆشــت خۆرەکانەوە لە ناودەچوون. لە زۆربەی پرســیار و جوابەکاندا لە نێوان ئاهورامەزدا و زەردە شت دەربارەی ئەم ڕێوڕە سمە وتراوە: " ئەی ئافرێنەری جیهانی خاکی! ئەی ئاهورامەزدا! لا شەی مردوان بۆ کوێ ببەم لە کوێ داینێم ؟ ئاهورامەزدا وەڵام دەداتەوە: ئەی زەردە شتی ڕا ست! لە سەر بڵندایی چیاکان و شوێنە بەرزەکان کە درندە و باڵندەکان تێیدان، مەزدا پەرســتان دەبێت پێ و قژی مردوەکان بە زیو و بەرد و قورقوشــم ببەســتن، بۆ ئەوەی پاش خواردنی لا شەکانیان لەلایەن ئاژەڵ و باڵندەکانەوە ئێسکەکان کۆبکنەوە (دارمستتر - وندیداد، ١٣٨٤: ١١٧-١٢٠). هەروەها ابو دلف یەکەم کەسبووە لە ســەردەمی ئیســلامیدا لەم بارەیەوە دواوە دەربارەی ئەو شــوێنەوارانەی پەیوەستە بە دەخمەوە، لە کتێبەکەیدا « الرساله الثانیه» بە بونی بینا و هەســ(استودان)ــتیدانک[3] کانی پێش ئیسلام وەک نموونە لە چیای(طبرک) لە شــاری ڕەی باســی ئەم ڕێو ڕەســمە دەکات (ابودلف خزرجی، بی.تا: ٧٦). هەروەها کورشی نیکنمای کە موغـ- (موبد)ـــی ئاینی زردەشتیە لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە شێوازی ناشتنی مردوو لە ئاینی زەردەشــتیدا بە پێی شــوێنی جوگرافیا و ســەردەمەکان دەگۆڕێت (نیکنام،١٣٩٩: ٤٦٤). بە پشــت بەســتن بەم ســەرچاوانە ئەوە مان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەخمە لە شــوێنیکی بەرز و کراوەدا ئەنجا مدراوە، نەک ئەوەی لە ناو ئەشــکەوتە هەڵکەندراو دانرابێت، و نمونەکانیش زۆر ڕوون و دیارن لە شــوێنەوارە بە جێماوەکانی ناوچەکانی ئێراندا وەک بەڵگەیەک ئەوە دەردەخەن زۆر جیاوازان لە شــێوازی ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری. چەند گۆڕ دەخمەیەک شــوێنەواریان تا ئەمڕۆش لە ئێراند ماوە، هەرچەندە لە یەکتری جیاوازن بەڵام هیچ یەکێک لەم دەخمانە هاوشــێوەی ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری نین کە بە گۆڕدەخمە ناوبراون، وەک دەخمەکانی (قەڵای گۆڕی ڕەی، دە خمەکانی یەزد، گۆڕەکانی کەناری کەنداوی فارس) (توفیقیان و باســتانی، ١٣٩٥ : ٢٩ ؛ شــینی غلامپور و حیدری بنی، ١٤٠٠ : ١٢٦). وێنەکانی (١-٣). لە شێوە و پلاندا جیاوازن، بەڵام توێژەران لێرەدا باسی ئەو وردەکاری جیاوازییە ناکەین، تەنها خستنە ڕووی جیاوازی لەنێوان ئەشــکەوتە هەڵکەندراوە کانەکانی کفری پیشــان دەدەین. هەر لە کتێبی وندیداد ها تووە " ئێسکی مردووان لە ناو دەخمەکاندا دابنێن و دوربن لە خاک، بە بارانی ئاهورامزدایی پاکژ دەبنەوە بۆ سروشت و ڕۆحی

---

٢ - موغ یا موگ، موغان یا موگان (فارسی کۆن، magu). ( بابلی، maguš). (یۆنانی، mágos). تاکە ناوی تۆمارکراوی پیاوانی ئایینی هەموو ئێرانییەکانی ڕۆژئاوا لە سەردەمی ماد، هەخامەنشی هەڵگرتبوو، بۆ زانیاری زیاتر سەردانی [https://www.iranicaonline.org/articles/magI](https://www.iranicaonline.org/articles/magI)بکە، هەروەها هیرۆدۆت ئەم ناوەی بە یەکێک لە شەش هۆزەکەی ماد هێناوە، پیدەچێت ناوی موغ لەم هۆزەوە هاتبێت؟ هەروەها (مقدس جعفری و جنگجوی مادوانی، ١٣٨٥: ٢٤١-٢٤٠؛ ذاکری، ١٣٧٩: ١٠٨). هەمان بۆچونیان بۆ ناوی "موغ" هەیە.

٣ – ئەو چاڵەیە لە دەخمەکاندا هەڵدەکەنران و ئێســک و پروســکی مردووانی زەردەشــتییان پاش خواردنی لاشــەیان لەلایەن باڵندەکانەوە دەخرایە ناو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە " *مجید، ظهوری، ١٤٠٠، آرامگاه شهرگور، الگوی نو از سنتی کهن، فصلنامه علمی مطلعات باستان شناسی پارسه،شماره ١٧، سال پنجم. ISSN: 2645-5706."هەروەها "* [*https://lib.eshia.ir/12295/1/900*](https://lib.eshia.ir/12295/1/900)".

مردووان"[4](دارمســتتر - همان: ١٢٠-١٢١). ئەم پاک بونەوەش لە پانتایی کراوە و ســەر دانەپۆشــراودا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ (وێنەکانی ١-٣) دەگونجێت، پێچەوانەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری یە.




وێنەی ١ :وێنەی گۆڕدەخمەی ڕەی لە باشوری تهران (وەرگیراوە لە /https://www.chtn.ir/news/1401011990725 )

---

٤ - سەرچاوەی ئەم بارانانەش ناوی دوو دەریا دەهێنێت ( Vouru-Kasha و Putika ) ڤۆرو-کاش مەبەستی دەریای قەزوین ە، ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاشیەکان کە پاش دابەزینیان بۆ بانی ئێران ئەم بۆچوونە کۆنە یەکەم جار لە باشوری خۆرئاوای دەریای ڤۆرو-کاش (*واتاکەی بە مانەی دەریای گەورە دێت لە ئاڤێستادا*) نیشتەجێ بوون جەیمس دارمێستیتەر پێی وایە دەریای قەزوین هەر بۆ نەتەوەی کاشییەکان دەگەڕێتەوە پێشتوتریش بە (*کاسپیوم مارە- Kaspium mare* ، Hurkanium mare) ناوی هێنراوە لە یۆنانی کۆندا بۆ زانیاری زیاتر (Herzfeld, 1968 : 196-199) وئاوە پیسەکانی دونیا لە دەریاچەی ورمێ کۆدەبێتەوە و بە پاکی دەچێتەوە دەریای قەزوین، لە ئاڤێستادا هاتوە کە لە ژێر زەویدا ئەم دوو دەریایە بەیەکەوە بەستراون. ( دارمستتر - وندیداد، ١٣٨٤: ١٢١-١٢٣) بۆ زانینی زیاتر ؛ "*کرتیس، وستا سرخوش، «جهان اسطورەها»، ترجمە عباس مخبر.جلد٢، نشر مرکز١٣٨٥، اسطورەهای ایرانی*".



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




وێنەی ٢ : گۆردەخمەی یەزد نەخشەی دابەشکاری شوێنەکە پیشان دەدات(وەرگیراوە لە
( https://www.karnaval.ir/things-to-do/zoroastrians-dakhmeh-yazd



وێنەی ٣ : گۆڕدەخمەکانی باشوری ڕۆژ هەڵاتی ئێران، کەناراوەکانی کەنداوی فارس(وەرگیراوە لە
( https://lastsecond.ir/blog/6468-siraf-port-in-iran

**میهرابەی میترایی:**

خواوەند میترا یەکەم  شوێنی دەرکەوتنی تاکو ئێستا ئاماژەی پێدرابێت ناوچەکانی ژێردە سەڵاتی میتانییەکانە لە تێکستی پەیمانی ئاشتی لە نێوان هیتییەکان و شانشینی میتانی وەک یەکەم بەڵگەنامە سەبارەت بە ناوی میترا کە بە ڕێنووسی "Mi-it-rā" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٠ پ.ز دۆزراوەتەوە (Beckman,1996,p.38). بریتین لە ژمارەیەکی زۆر لە دەقی مێخی کە لە ئەرشیفی کۆشکی بۆغازکۆی پایتەختی هیتییەکان دۆزراوەتەوە، لە ئەنادۆڵ لەم

پەیمانـنـامەیەدا ناوی میترا لەگەڵ چوار خوداوە ندی دیکە کە لە لایەن میتـانییەوە وەک شـــایەتحـاڵ و پارێزەری پەیماننامەکە باســـکراون (ورمازرن، ١٣٨٧: ١٥-١٧). پێدەچێت میترا لە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی میتانی ناســـرابێت، لەگەڵ هاتنی هیندۆ-ئێرانییەکان، کولتوری میترا چەسپاوە لەم ناوچانەدا چونکە ئەم خوداوەندە خوداوەندی سەرەکی بوو کە لەلایەن مادەکانەوە دەپەرســـترا.(Hozhabri,1393: 353-366). لە پەرســـتگای زاربۆلاغ دەکەوێتە باکووری پارێزگای قوم (پلانی ١)، لە ئێســـتادا بۆچونەکان بۆ ئەوە دەچێت میهرابەی میدیایی بووە (Hozhabri, Ibid ). لە نوسـینەکانی هیرۆدۆتەوە لە سـەدەی پێنجەمی پ.ز تۆماری دەکات کە ماد و پارسـەکان (مهر/ Mithra)یان پەرسـتوە هاوشـــانی زەوی و ئاگر و ئاو و هەوا (هردوت, همان: ١٧١) . و BrandensteinوMayrhofer و Bivar پێیان وایە کە میترایزم ئایین بووە لای مادەکان؛ ڕەنگە میترایزمی ڕۆمانی لە مادەکانەوە وەرگیرابێت وەک ناوی میترا و نازناوی ئاپۆلۆ[5] ئاماژەی پێدەکرێت (Bivar, 2005 : 343-345). سـەرنج بدەن ناوی میترا لە فارسـی کۆن بە Miça بووە نەک میترا وەک لە ڕۆژئاوا (Ahmed, 2021: 6). پاش دەسـەڵاتی داریوشـی هاخامنشـی بە شـێوەیەکی گشـتی میهرابەی میترایی لە ئەشکەوتی سروشتی ئەنجام دەدرا و پێویست بووە لە شوێنێک بووبێت کە سەرچاوەیەکی ئاو نزیکی ئەو میهرابەیە بوبێت(ورمازرن، همان: ٤٥-٤٦). تا ســـەردەمی داریوش کە ئاینی زەردەشـــتی وەک ئاینی ڕەســـمی دەوڵەت ناساند، میترا یەکێک بوو لە خودا گەورەکانی ئاریایەکان، و بەزۆر ئاینی نوێ سەپێنرا بەسەر پەیڕەوانی ئاینی میترایی، پەرسـتگاکانی میترایی خاپور کران یا بەگڵ داپۆشـران وەک پەرسـتگای گەورەی زاربۆلاغ و نوشـیجان تەپە[6]، ئەمەش وایکردوە پەیڕەوانی ئاینی میترای لە ئەشـکەوتە هەڵکەندراوەکان پەرسـتشـی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆیە بە شـێوەی ئەشـکەوت مهیرابەکانیان دروسـتکردوە تا نەزانرێت پەرسـتشـی تێدا ئەنجام دەدەن و دوربن لە چاوی دەوڵەت و سـزا نەدرێن (هژبری، ١٣٩٥: ٩٤-٩٥ ؛ Hozhabri, 1393: 353-366). پەیڕەوانی میترایزمیش وەک هەموو ئایینێک شـــوێنی گونجاویان بۆ پەرســتش دروســت کردووە. پەرســتگاکە بۆ ڕێوڕەسـمی زۆر سـنووردار و نهێنییە. کەواتە زانیارییەکان سەبارەت بە پێکهاتەی پەر ستگای میترایزم سنوورداره. توێژەران پێیان وایە میترایزمی ڕۆمانی لە پەر ستگاکانی ژێر زەوی میترا یان میترایۆم ئە شکەوتی بێ پەنجەرە یان پەر ستگاکان کۆبوونەتەوە، بە گوێرەی گۆردۆن لە ناو میترایزم باوەڕی گەردوونا سییەکی وردی هەبوو. ئەم گەردوونا سییە دەتوانێت بیسەلمێنێت کە بۆچی ئە شکەوتە سرو شتی

---

٥ –' بریت گەیمس' ڕوونتر دەربـارەی ئەم ڕەنگـدانەوە و کـاریگەریەی میترا لەســـەر ئـاپۆلۆ بـاس دەکـات بۆ زانینی زیـاتر " https://www.academia.edu/23094993/Three_Separate_Gods_or_One" هەروەها لە ماڵپەڕی" نوســـراوە ڕۆمانیەکان لە بەریتانیا" "*Roman Inscriptions of Britain*" قوربـانگەیەکی ســـەردەمی ڕۆم دۆزراوەتەوە نـاوی میترا و ئـاپۆلۆ ی لەســـەر نوســـراوە بڕوانە" https://romaninscriptionsofbritain.org/inscriptions/1397 " ئەمەش گرنگە وەک ڕەنگـدانەوەی ئـاینی میترایی و ئەم کـاریگەریە بۆ دورترین جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم.

گیرشمەن لە کتێبەکەیدا ( *L'Iran des origines à l'Islam, Paris, Payot, 1951* ) و. فارسی؛ ئاماژە بەوە دەکات میترا خواوەندێکی ئاریایە؛ و *Alvar.J,* لە کتێبەکەیدا ساڵی ٢٠٠٨، بە پشت بەستن بە سەرچاوە کلاسیەکیەکان ئەوە دەخاتە ڕوو ئاینی میترایی لە ئێران و گەلانی هیند و ئاریایی سەرچاوەی گرتوە و گوستراوەتەوە بۆ خاکی ئیمپراتۆری ڕۆم. *Romanising Oriental Gods Myth, Salvation and Ethics in the Cults of Cybele, Isis and Mith*ras

٦ – Marf, Dlshad Aziz پێی وایە کە ژنی پاشای میدی جوو بووە و ئەوە هی مۆمدانە و ئاگردانەکەی جوو بووە ( Marf, 2023 ).

یان ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکان و شــوێنە ژێرزەمینییەکان پەرســتگا یان میهرابە بوون. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پەرستگاکانی میترایزم بە هێماکانی توخمە گەردوونییەکان و فەلەکناسی و سووڕانەوەی تەنە ئاسمانییەکان دانرابوون (Gordon, 1975: 220-221). لە ئێراندا شوێنی پەرستنی میترا یان مێهرابە ناوی مێهرکەدە (میترایۆم)، مێهرابە، یان مێهراوە (مێهر قوبە) ناونراوە. ڕەنگە ئەم ناوە بەندە بە سـیسـتەمی سـەقفی پەرسـتگاکانی میترایزم وەک قوبە، بەو پێیەی میترا لە بەردێک یان لە ناو چیاوە لەدایک بووە و لە چیادا مردووە، هەموو ئەشــکەوتێکی ناوەوەی وەک مەزارگەی میترا و ئاناهیتا ئاوی کانیاویان لێدەڕژا و نوێژ خوێنان دەچوونە پەرســتگاکان بۆ پەرســتنیان ( Vaage, 2006: 179).

بەپێی قسەی شێکاری نیری، تایبەتمەندییەکی باوی پەرستگاکانی میترایزم لە شارستانیەتی ئێران و ڕۆمادا هەیە شــوێنی ئەشــکەوت یان ژێرزەمینییە. بەڵام بەهۆی ئەو نووســراوانەی کە پەیوەندییان بە میترا هەیە، ئەم مەزارگانە بەسـەر دوو بەشـدا دابەشـکراون؛ ئەشـکەوت یان ئەشـکەوتی ژێرزەوی لە ئێراندا و گروپی دووەم بەگشـتی پەرسـتگا ڕۆمانییەکانن لە دەوروبەری ئەوروپا لەگەڵ پەرستگا بچووکەکان کە پلانێکی چوارگۆشەی سادەیان[7] هەیە( Shekari Niri, 2019: 37 ; Cumont, 1903 : 200 ) ئەو شێوازەی لە ئێراندا باو بوە پێدەچێت پەیوەندی بە ڕەسمی ناساندنی ئاینی زەردەشتیەوە بێت لەلایەن داریوش و پەیڕەوانی میترایی بە نهێنی پەرستشیان ئەنجام دابێت (ماری کخ، ١٣٧٧: ٣٢٧ ؛ هژبری، همان: ٩٣-٩٤). لە ئێران زۆربەی پەرســتگاکانی میترایزم لە نزیک کانیاوەکان نیشــتەجێ بوون. ڕەنگە فۆڕمی تایبەتی مەعمودییەت[8] هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە بێت (Halliday, 1925: 298) لە پەرســتگای میترایزمدا هەندێک جار چەند ژوور و ڕاڕەوێک هاوتەریب لەگەڵ قوربانگاکە بۆ نوێژ و ڕێوڕەســمی ئایینی و ســەکۆی دانیشــتن هەیە (Shekari Niri, Ibid : 37-38). ئەم شـێوازەش لە ئەشـکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفریدا بەڕوونی دیارن چ وەک بوونی حەوزێک ئاوی تێدەکرێت لە ناوەندی ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکاندا " بۆ مەعمودیەت پاک بوونەوە لە گوناه" یا هەندێک لە ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکاندا حەوزێکی گەورەتریان بە تایبەت هەڵکەندوە. بەشــێک لە توێژەران پێیان وابووە ئەمانە گۆڕن و پەیوەســتن بە ئاینی زەردەشــتییەوە وەک؛ *زردەشــت لە گۆڤاری هەزارمێرد دا، ناونیشــانی "ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی بازیان" ژمارە ٢ ســاڵی ١٩٩٧؛ مەعروف و عبدالله لە گۆڤاری هەزارمێرد ناو نیشــانی " ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی قەرەداغ" ژمارە ٤ ســاڵی ١٩٩٨*. هەرچەندە دوورن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەی توێژینەوە. بەڵام هەردوو توێژینەوە هاوشـێوەی ئەشـکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفرین لە ڕووی شـێوازی

---


٧ - بۆ زانیاری زیاتر فرانس کومۆنت(Franz Cumont) لە کتێبەکەیدا زۆر بە وردی ئەم شێوازی پەرستاگایانە و جیاوازیان باس دەکات بە ناونیشانی(The Mysteries of Mithra) هەروەها عەلی پور و هاوکارانی لە توێژینەوەکەیاندا " *Structure Landscape Temple Mithraic on Analysis A. Bagh-e- Nazar, Scientific Journal of the Institute of Art, Architecture and Urban Planning, 74 (16)*. لەبارەی ئەم شێوازنەوە دواون"

٨ - مەعمودیەت ئەو ڕیوڕەسمەیە لە ئاینی مەسیحیدا پەیڕەو دەکرێت کاتێک کەسێک دەیەوەێت بێتە ئاینی مەسیحیەوە یا گوناه باربێت لە ئاوی پیرۆز هەڵیدەژەنن تا رۆحی پاک ببێتەوە. پێمان وایە ئەم ڕێوڕەسمە لە ئاینی میتراییەوە تێکەڵ بەئاینی مەسیحی بوە، لێکچونێکی زۆر لە ئاینی میترایی و مەسیحیدا هەیە ( Lossl, 2010 : 147 )لە نوسینەکانی دواترماندا باسیان دەکەین.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەڵکەندنیان، بوونی سەکۆی دانیشتن و چاڵ و هەبوونی تاق. لە ئێرانی پێش ئیسلامدا ئایینە جیاوازەکان ، زەردەشتی، مەسیحی، جوولەکە و میترایی لەگەڵ نەریت و شوێنی پەرستنەکانیان دەگۆڕدران کاریگەری ناوچەییان بەسەرەوە هەبوە. بەڵام بەهۆی بیرۆکە تایبەتەکانی میترایزم سەبارەت بە گەردوون، شوێنەکانی پەرستنیان بوو بە شاخ و ئەشکەوت. هەر لە مێژە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران و یەکێک لە ناوچە بەرچاوەکانی ئامادەیی کۆمەڵایەتی مرۆیی کۆمەڵگا کۆنەکان بووە (Mikaeili, 2022 : 16).



پلانی ١ : هەڵکەوتەی پەرستگای زاربۆلاغ وەرگیراو لە (Malekzadeh, 2003, 178).


**ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری :**




توێژەران لە کاری مەیـ(بواری کرداریی)------دانیەکەماندا دەستمان بە پازدە (١٥) ئەشکەوتە هەڵکەندراو گەشت، بەڵام ئەو ئەشکەوتە هەڵکەندراوانەمان وەرگرتوە کە پێوانە و دابەشبوونیان زۆر ڕونترن و نەڕوخابوون، هەرچەندە لە شێواز و قەبارەدا ئە شکەوتە هەڵکەندراوەکان هاو شێوەن. ئەوانەی وەرگیراون (٧) ئە شکەوتە هەڵکەندراون دەکەونە تەپۆلکە بەردینەکانی باوەشاسوار، لە ناوچەیەکی تەنگەبەردان چوار لەم ئەشکەوتانە دەکەونە لای ڕاست و ڕۆژهەلاتی دەربەندەکە و سیانیان دەکەونە چەپ و ڕۆژ ئاوای دەربەندکە بەرزی هەندێک لە ئە شکەوتە هەڵکەندراوەکان دەگاتە ٥٠ مەتر، و جێی تێبینی توێژەران بوو بۆ بەم شـێوەیە لە نزیک یەکتر داتاشـراون! ئەمەش پێدەچیت بۆ بە جێگەیاندنی ڕێوڕەرسـمی ئاینی میترایی ژمارەیان زۆر بوبێت؟ بەڵام نەتوانراوە میهرابەی گەورە دروسـتبکەن و هەوڵکەوتەی شوێنەکە و شێوازی بەردەکان کاریگەری لەسەر ئەم شێوە دابەشبوونە هەبوو بێت، بوونی سەرچاوەی ئاو لە نزیک ئەم ئەشـکەوتە هەڵکە ندراوانە وەک لە پێشـەوەدا ئاماژە مان پێدا ڕەگەزێکی سـەرەکی میهرابەی میترایی نزیکی لە سـەرچاوەی ئاوە(Comunt, Ibid: 30-40)، گەر بگەڕێینەوە بۆ سـەردەمانی ئاینی میترایی لەم ناوچەیەدا هەبووە سەردەمی میدییەکان و پاشان هاخامنشی نزیکترین شار و ئاوەدانی تا ئێستا دۆزرابێتەوە ئەسکی کفریە (نەخشەی ٢) بە دووری ١٠ کیلۆمەتر لە ئەشـکەوتە هەڵکە ندراوەکانەوە دورە. ئەمەش پێدەچێت لەسـەردەمی *داریوش* پاشـای



هاخامنشــی دروســتکرابن تا دوور لە ئاوەدانی و دەوڵەت پەیڕەوی ئاینی خۆیان بکەن (Hozhabri, Ibid). وەک عەلی پوور ئاماژە بە شــوێنی پەرســتشــی میترایەکان دەکات "لە ناوچەیەکی بەرز و ئاســمانی تێدا ڕونتر دەبینرێت تا خوێنـدنەوە گەردونی و ئەســتێرەکـان بـاشــتر بخوێننەوە" (Alipour, Ibid: 33-34). ئەمەش بۆ ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ نووسراوێک لەسەر ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان و دەوروبەریان نییە، ئەمەش سەختە بۆ شیکردنەوەیان. لە (خشتەی ١) پێوانە و ئەندازەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانەکان دەخینەڕوو (توێژەران).





نەخشەی ٢: دوری ئەسکی کفری و ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری پیشان دەدات ١٠ کم دوری نێوانیانە وەرگیران لە ماڵپەڕی کۆرۆنا https://corona.cast.uark.edu/atlas#zoom=13&center=5009450,4118538

| خشتەی ١ : ڕوو پێوی و پلان و بەراوردکاری ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی باکوری کفری | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زنجیرە | وێنەی ئەشکەو تە هەڵکەندراوەکان | پلان و پێوانەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان : توێژەران | ڕەگەزی بەراورد کراو | وێنەی بەراورد کراو و سەرچاوە |
| ١ |   |   | بوونی چاڵێک هاوشێوەی ئەستێڵکی ئاو، لەگەڵ بوونی تاقێکی کەوانەیی، کۆزاد ئەحمەد، |  (Ahmed, 2021: 15) ئەشکەوتە هەڵکەندراوێکی لە ناوچەی چنارەی بازیان، هاوشێوەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفریە. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| <br>(Maciariello .1924, p. 357, fig. 4)<br>Santa Maria Capua Vetere<br>سانتا ماریا کاپوا ڤێتێرێ<br>شارۆچکە یە لە پارێزگای<br>کاسێرتا لە ناوچەی کامپانیا لە<br>باشووری ئیتاڵیا.<br>(Maciariello, Ibid) | لەگەڵ بوونی سەکۆی دانیشتن و تاقی شێوەی کەوانەیی چاڵێک لاکێشەیی هەڵکەندراوە، پێ |  | <br> | ٢ |
| <br>(Ahmed, Ibid) | بوونی چاڵێک هاوشێوەی ئەستێلکی ئاو، لەگەڵ بوونی |  | <br> | ٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ |   |     | ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوە جیاوازتر دەردەکەوێت لە شێوازی تاق و | ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکە ئەو جیاوازییەی هەیە، لەگەڵ ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانەکانی تر، و ئەمەش کاریگەری سروشتی هۆکاربووە یا سروشتی بەردەکە وابوە نەتوانراوە ئەو هەڵکۆڵینانە ئەنجام بدرێت، توێژەران وا مەزەندەی دەکەن لە سەردەمێکی دواتردا هەڵکەندرابێت، وەک حەشارگە پەنەگا سودی لێ وەرگیرابێت؟. |
| ٥ |  |   | هاوشێوەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی(١، ٢، ٣) هەبوونی تاقی کەوانەی و |  کەرەمیان و هاوکارانی لە توێژینەوەکەیاندا دەربارەی (گۆر-ماهور) کە هاوشێوەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانەکانی کفرین بە شوێنی میهرابە ناساندویانە پاشان پێدەچێت وەک هەســ(استودان)ــتیدانک بەکارهێنرابێت ( Karamian & (et al, 2020: 23-36 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ |  |   | هاوشێوەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی (١، ٢، | بە هەمان وێنەکانی زنجیرەی ١،٢،٣،٥ بەراورد دەکرێن |
| ٧ |   |   | هاوشێوەی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی (١، ٢، ٣، ٥، ٦) | بە هەمان وێنەکانی زنجیرەی،٦ ١،٢،٣،٥ بەراورد دەکرێن |


لە ئەنجامی کاری بوارە کردراییەکەی توێژەران توانیمان هەموو ئەشـــکەوتە هەڵکەندراوەکان پێوانە بکەین و وەک تۆمارێکی گرنگ بمێنێتەوە چونکە لە ئێستادا لەو ٧ ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانە تەنها ٢ لە ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان ماونەتەوە هۆکاری بارانی زۆر و بومەلەرزە بۆتە تێکشـــا ندنی ئەشـــکەوتە هەڵکە ندراوە کانی دیکە. **ئەشـــکەوتە هەڵکەنـدراوی ١ ؛** درێژی ژورەکە ٢مەترە و پـانیەکەی ١،٦٥مەترە و بەرزی ژورەکە ٩٠ســـم دەبێـت. چـاڵێکی تێـدا هەڵکەندراوە بە درێژی ٧٣ سم و پانی ٥٠ سم و قوڵی ٣٥ سم. وێنە بەشێوەی لاکێشەی دروست کراوە سەقفەکەی شێوە کەوانەی پێوە دیارە. (وێنەی ٤ و خشـــتەی ١ زنجیرەی ١). **ئەشـــکەوتە هەڵکە ندراوی ٢ ؛** درێژی ژورەکە ٣مەترە و پانیەکەی١،٨٠مەترە و بەرزیەکەی ١مەترە.دو چاڵی تێدایە چاڵی یەکەم درێژیەکەی ١،٦٠مەترە و پانی ٨٠ســـم و قوڵی ١٧سم دەبێت. چاڵێ دووەم درێژی ١،٧٠ و پانی ٥٠سم قوڵیەکەی٣٠سم دەبێت، " چاڵی دووەم پێدەچێت ئاوی تێکرابێت

بۆ ڕێوڕەسمی مەعمودیەت لایەنێکی دیاری ئاینی میترایيە بۆ پاک بوونەوە لە گوناە و تاوان" لۆسل ئەم ڕێوڕەسمە بە نەریتێکی میترایی دادەنێت (Lossl, Ibid : 146-17) کەوانەیەک لە دیواری دواوە هەڵکەندراوە هاوتەریبی چاڵی دوووەم بەرزی ١مەترە و پانی ١،٧٠مەترە، شێوەی سەقفی بیناکە شێوە کەوانەییە (وێنەی ٥ و خشتەی ١ زنجیرەی ٢). **ئەشــکەوتە هەڵکەنـدراوی ٣ ؛** درێژی ژورەکە ٢،٩٠مەترە و پـانی ١،٦٠مەترە و بەرزی ١،١٠ مەترە دەبێـت چـاڵێـک هەڵکەندراوە لاکێشەییە درێژێەکەی ١مەترە و پانی ٥٠سم و قوڵی ٢٥سم دەبێت. بە شێوەیەکی کەوانەی کراوە دروست کراوە و لە بەشــی دواوە کەوانەیەک هەڵکەندراوە بە بەرزی ژورەکە (وێنەی ٦ و خشــتەی ١ زنجیرەی ٣). **ئەشــکەوتە هەڵکە ندراوی ٤ ؛** درێژی ژورەکە ٢،٧٠مەترە و پانی ٢،٢٠مەترە بەرزییەکەی ١،٣٠مەترە. هیچ چاڵێکی تێدا نییە. هیچ ڕەگەزێکی بیناسازی تێدا نیە هەڵکەندراوێکی سادەیە(وێنەی ٧ و خشتەی ١ زنجیرەی ٤). **ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٥ ؛** درێژی ٢،٥٠مەترە و پانی ٢،٥مەترە و بەرزی١،٢٠مەترە. چاڵێکی تێدایە درێژی١مەترە و پانی ٥٠سم و قوڵی ٣٥ سم دەبێت . کەوانەیەکەی لە بەشــی دیواری دواوە تێدا هەڵکەندراوە ١،٥مەتر بەرزە پانیەکەی ١،٧٠مەترە (وێنەی ٨ و خشــتەی ١ زنجیرەی ٥). **ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٦ ؛** چاڵێکی تێدایە درێژی ١،٧٠مەترە و پانی ٥٠سم و قوڵی ٢٠ سم دەبێت. بەشی دیواری دواوەی کەوانەیەک هەڵکە ندراوە بەرزیەکەی ٨٠ســم دەبێت و ٢مەتر بەرینە. ســەقفی ژورەکە بەشــێوەی کەوانەییە. (وێنەی ٩ و خشــتەی ١ زنجیرەی ٦). **ئەشــکەوتە هەڵکەندراوی ٧ ؛** ژورێکی نارێکە درێژیەکەی ٣،٤٠مەترە و پانی ٢،١٠مەترە و بەرزی ١،٢٥ مەترە. چاڵێکی بە درێژی ١،٢٠مەترە و پانی ٥٠ سم و قوڵی ٤٥ سم دەبێت. لەبەشی دواوەی ژورەکە تاقێکی کەوانەی تێدایە بەهۆکاری سروشتی تێکچوە (وێنەی ١٠ و خشتەی ١ زنجیرەی ٧).


**ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کفری ژمارەیان ٨ ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانە**

**ئەشــکەوتە هەڵکە ندراوی ١ ؛** درێژی ژورەکە ١،٨٠مەترە و پانیەکەی ١،٦٣مەترە و بەرزی ژورەکە ٩٠ســم دەبێت. چاڵێکی تێدا هەڵکەندراوە بە درێژی ١،٦٦مەترە و پانی ٥٠سم و قوڵی ٣٢ سم. تاقێکی کەوانەی تێدایە لە بەشی دواوەی گۆڕەکە پـانی مەترێکە و بەرزی ٨٢ ســم دەبێـت. **ئەشــکەوتە هەڵکەنـدراوی ٢ ؛** درێژی ژورەکە ١،٧٤مەترە و پانیەکەی١،٧٧مەترە و بەرزیەکەی ١مەترە.دو چاڵی تێدایە چاڵی یەکەم درێژیەکەی ١،٦٠مەترە و پانی ٤٥ســم و قوڵی ٢١سم دەبێت. کەوانەیەک لە دیواری دواوە هەڵکەندراوە بەرزی ١مەترە و پانی ١،٧٠مەترە، شێوەی سەقفی بیناکە شێوە کەوانەییە. **ئەشــکەوتە هەڵکە ندراوی ٣ ؛** درێژی ژورەکە ٢،٧٠مەترە و پانی ٢،٢٠مەترە بەرزییەکەی ١،٣٠مەترە. هیچ چاڵێکی تێدایە بەڵام ســەقفی ئەم گۆڕە ڕوخاوە بەهۆی هۆکاری ســروشــتیەوە. وێنە تاقێکی کەوانەی تێدایە بەڵام شکاوە. **ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٤ ؛** ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانە چاڵێکی تێدایە درێژی ١،٦٥مەترە و پانی ٥٠سم و قوڵی ٢٠ سم دەبێت. لە بە شی دیواری دواوەی ژورەکە کەوانەیەک هەڵکەندراوە بەزیەکەی ٨٥ سم دەبێتو٢مەتر بەرینە. سەقفی ژورەکە بە شێوەی کەوانەییە. **ئە شکەوتە هەڵکەندراوی ٥ ؛** ژورێکە درێژیەکەی ٣،٤٠مەترە و پانی ٢،١٠مەترە و بەرزی ١،٢٥ مەترە. چاڵێکی بە درێژی ١،٢٠مەترە و پانی ٥٠ســم و قوڵی ٤٥ســم دەبێت. لەبەشــی دواوەی ژورەکە تاقێکی کەوانەی تێدایە بەهۆکاری ســروشــتی تێکچوە. **ئەشــکەوتە هەڵکەندراوی ٦ ؛** درێژی ٢،٤٨مەترە و پانی ١،٨٤مەترە و بەرزی١،١٣مەترە. چاڵێکی تێدایە درێژی١مەترە و پانی ٥٠ســم و قوڵی ٣٣ســم دەبێت.کەوانەیەکەی لە بەشــی دیواری


دواوە تێد هەڵکەندراوە ١،٥مەتر بەرزە پانیەکەی ١،٧٠مەترە. **ئەشـــکەوتە هەڵکەندراوی ٧ ؛** درێژی ژورەکە ١،٨٦مەترە و پانی١،٧٣ مەترە و بەرزی ١،١٠ مەترە دەبێت چاڵێک هەڵکەندراوە لاکێشــەییە درێژێەکەی ١مەترە و پانی ٥٤ســم و قوڵی ٢٥ســم دەبێت.بە شــیوەیەکی کەوانەی کراوە دروســت کراوە و لە بەشــی دواوە کەوانەیەک هەڵکەندراوە بە بەرزی ژورەکە. **ئەشــکەوتە هەڵکەندراوی ٨ ؛** درێژی ژورەکە ١،٦٨ مەترە و پانی ١،٤٥مەترە بەرزی ١،٣٠مەترە. درێژی گۆڕەکەی ١،٤٠مەترە و پانی ٥٣ ســم دەبێت. تاقێکی کەوانەی تێدا دروســتکراوە پانی ١،٢٠مەترە و بەزری ٩٢ ســم دەبێت. (وێنەی ١١).




وێنەی ٤ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ١ لەگەڵ پێوانە و پلانکەی (توێژەران).





وێنەی ٥ : دیمەنی ئەشكەوتە هەڵكەندراوی ٢ لەگەڵ پێوانە و پلانكەی (توێژەران).





وێنەی ٦ : دیمەنی ئەشكەوتە هەڵكەندراوی ٣ لەگەڵ پێوانە و پلانكەی (توێژەران).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034





وێنەی ٧ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٤ لەگەڵ پێوانە و پلانکەی (توێژەران).





وێنەی ٨ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٥ لەگەڵ پێوانە و پلانکەی (توێژەران).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




وێنەی ٩ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٦ لەگەڵ پێوانە و پلانکەی (توێژەران).




وێنەی ١٠ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوی ٧ لەگەڵ پێوانە و پلانکەی (توێژەران).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی ١١ : دیمەنی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کفری (توێژەران).

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە نوێترین توێژینەوەکان لەم بارەیەوە کراون، لە ناوچەکانی ئێران و کوردستانی باشوردا، و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئاینیەکانی (میترایی و زەردەشتی).

- پێدەچێت ئەم ئەشـــکەوتە هەڵکەندراوانە میهرابەی تایبەت بە ئاینی میترایی بن لەبەر شـێوازی پالان و هەڵکەوتە جوگرافیەکەیان لە نزیک سـەرچاوەی ئاو و شـوێنی بەرز دروسـتکراون، ئەمەش تایبەتمەندیەکی میهرابەیە، پاشان گەر وابەستەی بکەینەوە بە ڕووداوە مێژوییەکان ڕەنگە هاوسەردەمی داریوش پاشای هاخامنشی دروستکرابن کە زۆر بە توندی بەرەنگاری پەیڕەوانی ئاینی میترایی دەبویەوە پاش ناســاندی ئاینی زردەشــتی وەک ئاینی فەرمی دەوڵەت، بۆیە لە ناوچەیەکی دور ئاوەدانی ئەو سەردەمە دروستکرابن، و جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان گۆڕ دەخمەی زردەشتی و ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی کفری، زۆرتر لە میهرابەوە نزیکن. پاشان دەخمە و میهرابە لە تەواوی وڵاتانی پەیڕەوی هەردوو ئـاینی میترای و زەردەشــتی بینـاکردنیـان بەپێی نـاوچەکـان دەگۆڕێـت. لە تەواوی ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی کفری هیچ پارچە شــوێنەوارێک نە دۆزراوەتەوە و بەدەســت نەهاتوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکان بەرچاوو بوون، بە درێژای ســەدەکان خەڵکانێکی زۆر ســەردانیان کردون



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەرچەیکیش تێدا بووبێت بردویانە. ســەرەڕای ئەمەش هیچ پارچە گڵێنەیەک لە ناویاندا بەرچاومان نەکەوت تا وەک بەڵگەیەکی شوێنەواری سودی لێ ببینین.

- بۆچونمان وایە ئەم ئەشــکەوتە هەڵکەندراوانە لە پاشــاندا پەیڕەوانی ئاینەکانی زەردەشــتی و مەســیحی بەکاریان هێنابێت، چونکە لەسـەردەمانی ئەشکانی و سـاسـانی گۆڕانی زۆر لەسـەر پەیڕاوانی ئاینەکانی دیەکە هاتۆتە ئاراوە، یەکێک لە سـەردەمە پڕ ئازارەکانی پەیڕەوانی ئاینی مەسـیحی لەسـەردەمی پاشـای سـاسـانیدا (یەزدەگوردی دووەم ٤٣٨-٤٥٧.ز) بە هەزارە های لێ کوشــتن فەرمانی دەرکرد بۆ ڕوخاندنی کڵێســای مەســیحیەکان، بە درێژای ســەردەمانی ســاســانی ناوچەکانی گەرمیان (بیث-گرمای) و کەرکوک (کرخ-بیث-ســلوق) ناوەندی پەیڕەوانی ئاینی مەســیحی و بڵاوبونەوەی بوون. بۆیە ڕێدەچێت لەو ڕۆژگارانەدا کە ســەخت بوو بۆ پەیڕەوانی مەســیحی، ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانەیان وەک پەناگا و شوێنی پەرستش بەکارهێنابێتەوە. ڕای توێژەران وایە مەبەستی سەرەکی دروستکردنی ئەم ئەشکەوتە هەڵکەندراوانە یەکەم جار بۆ پەیڕەوانی میترای دەگەڕێتەوە.
- ئەوەی گرنگە باسی بکەین، لە ئەنجامی بواری کرداری ئەم توێژینەوەیەدا ئامارێکی باشی تۆمار بکەین، هەر لە وێنە و ڕوو پێوی و پێوانەی ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکان لە خۆ دەگرێت، ئەم کارە کردارییە بۆ نێوان ســاڵانی ٢٠١٣ – ٢٠١٧ دەگەڕێتەوە، لە پاش ســاڵی ٢٠١٧وپێنج ئەشــکەوتە هەڵکەندراوەکانی باکوری کفری لەناو چون بەشــێکیان و بە شێکیان ڕووی ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانەکان کەوتونەتە زەوی. پاشا سەردانی ساڵی ٢٠١٧ ڕوویدابێت بە هۆکاری ســروشــتی بومەلەرزە و باراناوی زۆر. وەک ئەرکێکی نیشــتیمانی ئامار و تۆماری ئەم شــوێنەوارە گرنگانەمان هەڵگرتۆتەوە لە فەوتان پاراستمان.

**سەرچاوەکان:**


- دەستەیەک لە ئامادەکەران، ٢٠١٤. ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان (و. شارەوانی و گەشتوگوزار-ب. گشتی شوێنەوار- ب. شوێنەواری گەرمیان)، چاپی یەکەم، کەلار

-عبدالله، احمد عزیز، ٢٠١٥، هاوســەنگی ئاوی ئاو و هەوا لە ئیدارەی گەرمیان، (لێکۆڵینەوەیەک لە ئاو هەوای برِی)، بڕوانامەی ماجستێر بڵاونەکراوە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان و ورزش- بەشی جوگرافیا، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

-اسـتروناخ، دی. رواف، ام. ١٣٩٠، نوش جان ١ بناهای بزرگ دوره ماد، ب. کاظم ملازاده، اتنشـارات دانشـگاه بو علی سینا ، همدان.

- ابودلف، مسعر بن مهلهل، (بی.تا)، الرساله الثانیه، ترجمه محمد منیر مرسی، چاپ اول، قاهره: عالم الکتب.

- احمد، ب.، ١٣٩٦،بررســی و تحلیل باســتان شــناختی معماری ســاســانی منطقه بین رودخانههای زاب کوچك و سیروان، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد، گروه باستان شناسی، دانشگاه تهران .

- دارمستتر.جیمس،(١٣٨٥)،" مجموعه قوانین زردشت(وندیداد اوستا)"، ت. موسی جوان، دنیای کتاب، چ٢، تهران.

- ذاکری، مصطفی، (۱۳۷۹)، "مغان و نقش آنان در فرهنگ ایران زمین"، مجله معارف، دوره ۱۷، شماره ۳، صص ۱۳۰-۹۵.

- توفیقیان، حسن و باستانی، محرم،۱۳۹۵،پژوهشی در آئینهای تدفین دوره ساسانی در سواحل خلیجفارس، فصلنامه مطالعات باستان شناسی، دوره: ۸، شماره: ۲، دانشگاه تهران.

- شینی غلامپور، رویا، و حیدری بنی، داریوش. (۱٤۰۰). پژوهشی در شیوه ساخت دخمه های پارسیان هند و زرتشتیان ایران. معماری و شهرسازی آرمان شهر، ۱٤(۳۵ )، ۱۱۵-۱۳۱.

- هرودوت (۱۳۸۹). تاریخ هرودوت. ترجمهٔ مرتضی ثاقب‌فر. تهران: اساطیر.

- مقدس جعفری، محمد حسن و علیرضا جنگجوی مادوانی، (۱۳۸۵) "ادیان ایرانیان از آغاز تاکنون: پژوهشی اجمالی"، مجله مرکز تحقیقات فرهنگ و زبانهای ایرانی دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال پنجم، شماره نهم، صص ۲۳۱-۲۵۷.

- ماری کخ، هاید ، ۱۳۷۷، از زبان داریوش، ترجمه پرویز رجبی، تهران، نشر کارنگ، چاپ سوم.

- نیکنام.کورش، (۱۳۹۹)، زرتشت و مزدیسنان پرسش ها و پاسخ های در شناخت ئاین زرتشت، هیر مبا، تهران.

-ورمازرن.مارتین، ۱۳۸۷، آئین میترا، ت. بزرگ نادرزاد، نشر چشمه، چاپ سوم، تهران.

-هژبری، علی، ۱۳۹۵، کیش مهر و چرایی برپایی مرا سم پنهانی آن در غارها، فصلنامه ی تخصصی میراث فرهنگی ویژهنامه ی هفته میراث فرهنگی سال میراث ملی، تهران.

- Ahmed. K. M., Mapping the Religious Communities of Sulaimani Province in the Sassanian Period, in International Conference organized by Institut français du Proche-Orient (Ifpo) , November 23rd & 24th, 2021. Erbil ,Kurdistan.

- Alipour, S., Nasir Salami, M. R., & Flamaki, M. M. (2019). An analysis on Mithraic Temple landscape Structure. Bagh-e- Nazar, Scientific Journal of the Institute of Art, Architecture and Urban Planning, 74(16), 31-42.

-Bivar, A. D. H., "Mithraism: A Religion for the Ancient Medes," *Iranica Antiqua* XL (2005), p. 343

-Beckman, G. M., 1996, Hittite diplomatic texts, Writings from the Ancient World volume no. 7, C. Hoffner, Harry A., Jr., 1934-2015, Atlanta, Ga :Scholars Press, 0788501542.

- Cumont, F., (1903). The Mysteries of Mithra. Chicago, The Open Court Publishing Company.

- Marf, Dlshad Aziz, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, 2023, Ugarit-Verlag Münste, 455 of Alter Orient und Altes,

- Gordon, R. (1975). Franz Cumont and the Doctrines of Mithraism. In J. R. Hinnells, ed., Mithraic Studies I, Manchester, pp. 215-48. "In Encyclopedia Iranica, COSMOGONY AND COSMOLOGY ii. In Mithraism.

- Herzfeld, E. The Persian Empire: studies in geography and ethnography of the ancient Near East. Edited from the posthumous papers by Gerold Walser. xxiii, 392 pp., map. Wiesbaden: Franz Steiner Verlag GmbH, 1968. DM 100.

- Hozhabri, A., The Mithraeum of Nush-i-Jan: Exploring the Use of Cross Motif in Architecture of Tepe, Nush-i-Jan, in Tehran, 1393 ،مجموعه مقالات همایش واکاوی پنجاه سـال باسـتانشـناسـی ملایر، گردآورنده: علي خاكسار:

- Halliday, W. R., (1925). The Pagan Background of Early Christianity. The University Press of Liverpool, London, N.D., pp. 281-285.

- Karamian, G., Maksymiuk, K., Skupniewicz, P., Astaraki, F., & Farrokh, K. (2020). Preliminary report of Māhūr tomb, a Mithraism relic at Dezfūl, Southern Iran. Historia I Świat, 9, 23-36.

- Lössl.J, The Early Church: History and Memory. London and New York: T & T Clark International (a Continuum imprint), 2010. isbn978 0 567 46464

- Maciariello N., 1939. Politeismo e mitraicismo in Capua Vetere, Roma, fig. 50. Minto A. in Notizie degli Scavi di Antichità, 1924, pp. 353ff; Tav. XVII.

-Malekzadeh, M. "Bana-i sangi ZarBolagh-e Qom, niayeshgah hi (?) az doreye mad:Gozaresh-e bazdid va baresi-e moghadamati, payiz 1381", Majalle-ye bastanshenasi va tarikh, 17 (2003): 52-64

- Mikaeili, M. (2022). Mithraism rock temple Architecture in Iran. new era The International Journal of Interdisciplinary Social research, 7(12), 8–22.

- Shekari Niri, J., (2019). Formation of the Mithraic Temples in Northwestern Iran in Comparison with Roman Mithraeums. Space Ontology International Journal, Vol. 8, Issue 4, 37- 56. Retrieved from 02/01/2025 www.SID.ir

- Vaage, L., (2006). Religious Rivalries in the Early Roman Empire and the Rise of Christianity. Waterloo: Wilfrid Laurier University Press - Strabo. Geography, Volume VII: Books 1-2. Translated by Horace Leonard Jones. Loeb Classical Library 49. Cambridge, MA: Harvard University Press, 1917.